# ڕوونکردنەوەی
# هەواڵە بێ بنەماو چەواشەکاریەکان

نووسینی:

مەلا عبداللە شێرکاوەیی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## دەسپێك

لەم باسەدا دەچینە خزمەت پەیامێکی گرنگو هەستیار، کە دەبێ لەناو کۆمەڵگەی موسڵمانان رەچاو بکرێ، بۆ ئەوەی تووشی ئاژاوەو کاری گێرەشێوێنیو هەڵوێستی ناشیاو نەبنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ هەم کۆمەڵگەی ئیسلامیو هەمیش تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە، لەوە بەئاگاو هۆشیار بن، کە گواستنەوەی هەواڵی نادروستو نابەجێ یەکێکە لەو مەترسیانەی چەندین کاریگەری خراپ لەناو کۆمەڵگەو لەسەر کەسێتی تاك جێ دەهێڵێ، لەهەمان کات یەکێکە لەو رەفتارە نادروستانەی بەهۆیەوە چەندین کێشە سەر هەڵدەدەن، کە سەرەنجام دەبنە هۆی لێکترازانی ریزەکانی نێو کۆمەڵگەو تێکچوونی باری دەروونیو کۆمەڵایەتی خەڵکەوە.

بۆیە خوای گەورە فەرمانمان پێ دەکات لە راستی هەواڵ دڵنیا بینو یەکسەر قسەی ئەو کەسانە نەگوازینەوە، کە بە درۆ هەواڵی بێ بنەما دروست دەکەن، بۆ ئەوەی نەکەوینە بازنەی تێکچوونی باری دەروونیو سەرهەڵدانی غەمو کێشەی ناڕێکەوە.

هەروەك خوای گەورە دەفەرمویێت: ( يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ، وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُولَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ ، فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)[1]،

واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی متمانە پێ نەکراو هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان روون دەبێتەوە، نەوەکو ئازارو ناخۆشیو گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانی، جا دوای پەشیمان ببنەوە لەو کارەی کە پێی هەستاون.

ئێوە دڵنیابنو بزانن، کە پێغەمبەری خوا (درودی خوای لەسەر بێت) لەناوتاندایە (پرسو رای پێ بکەن) زۆر شت هەیە ئەگەر ئەو بەرای ئێوەی بکردایە تووشی گیروگرفتو ناخۆشی دەبوون.. بەڵام خوا ئیمانو باوەڕی لە لا خۆشەویست کردوونو لە دڵو دەروونتاندا ڕازاندویەتیەوە.. لەو لایشەوە کوفرو بێ باوەڕیو گوناهوو یاخی بوون لە فەرمانی خوای لا تاڵو ناشیرین کردوون، ئا ئەوانە هەر خۆیان رێگەی ژیریو سەرفرازیان گرتۆتەبەر.

ئەمەش خۆی رێزو بەخششێکی تایبەتیو نازو نیعمەتێکە لە لایەن خواوە پێیان دراوە، خوایش زاناو داناو کار بەجێیە.

---

[1] ــ سورة الحجرات: 6ــ8

بە پێی ئاماژەو هێمای ئەو ئایەتە بێت، دەبێ بەر لە هەر کەس ئەوانەی سەرپەرشتی کاروباری موسڵمانان دەکەن لەوە هۆشیار بن‌و، بە گوێی هەموو کەس‌و بە پێی هەموو جۆرە هەواڵێك هەڵنەخەڵەتێن، چونکە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵك‌و چاودێری کردنی کۆمەڵگە لە هەڵخلیسکان‌و ئاراستەی پێچەوانەوە، کارێکی گرانەو دەبێ بە پێی نەخشەو بەرنامەو کاری ئیسڵاح خوازیەوە بێت، هەروەك لە سیاسەی شەرعی ئەو جۆرە مەسەلانە روون کراونەتەوە[2]، دوای ئەوەش دەبێ کار لەسەر ئەوە بکرێت, کە تاکەکان لەسەر هۆشارییەکی تەواو و تێگەیشتنێکی تەندروست ڕابهێندرێن، بۆ ئەوەی نەبنە هۆکاری نانەوەی ئاشووب‌و خستنە مەترسی چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکانەوە.
بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ناوەڕۆکی ئەو ئایەتەو تێگەیشتن لە چۆنیەتی ئەو بابەتەو کاریگەریە خراپەکانی هەڵبەستنی هەواڵی بێ بنەماو نانەوەی کێشەو دروست کردنی بەربەستی کۆمەڵایەتی، لە رێی چەند باسێکەوە دەچینە ناو ئەو تەوەرەوە:

## باسی یەکەم:
## هۆکاری دابەزین‌و ئاماژەیەك

زۆربەی سەرچاوە تەفسیریەکان، ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەو ئایەتە لەبارەی (وەلیدی کوڕی عوتبە) هاتۆتە خوارەوە، کاتێ پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەر بێت ) وەك نوێنەر ناردیە لای تیرەی ( بنی مصطلق )، بۆ ئەوەی زەکاتیان لێ وەربگرێت _ چونکە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) دابوو, کە کەسێك بنێرێ بۆ ئەوەی زەکاتی تەسلیم بکەن_، وەلیدیش کە بەو کارە هەڵساو لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەو تیرەیە نزیك بوویەوە، سەیری کرد ئەوان گردبووینەوەو بەرەو ڕووی ئەو دەڕوانن، ئەویش ترسی لێ نیشت‌و گەڕایەوە، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی پێش هاتنی ئیسلام کێشەکی لەگەڵ ئەوان لێ دروست ببوو، ترسا لەوەی ئەو خۆ ئامادە کردنەی ئەوان بۆ لەناوبردنی ئەو بێت‌و بیانەوێ لێی بدەن.
وەلیدی کوڕی عوتبە بێ ئەوەی قسەیەکیان لەگەڵ بکات‌و لە نزیکەوە پێیان بگات‌و زەکاتیان لێ وەربگرێت، گەڕایەوە خزمەت پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت)، ئەویش لێی پرسی‌و فەرموی: چیت کرد؟ وەلید گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوان هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلام‌و زەکاتیان پێ نەدام‌و ویستیان لەناوم ببەن‌و بمکوژن.
پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت)، توڕە بوو لەسەر ئەو هەنگاوەو، خالیدی کوڕی وەلیدی راسپارد خۆی‌و جەیشێك بچێتە لایان‌و بزانێ مەسەلە چیە، ئەگەر وابن وەك وەلید باساین دەکا، ئەوە هەرچی بە پێی ڕێسای ئیسلامەتی لەگەڵ کافران دەکرێت لەگەڵ ئەوان ئەنجامی بدات.

---

[2] _ فی السیاسة الشرعیة: ص19

دوای ئەوە لە لایەکەوە (خالیدی کوڕی وەلید) لێیان نزیك بۆوەو هەواڵی وەرگرتن، دەبینی وا بانگ دەدەن و نوێژ دەکەن و زەکاتیان ئامادە کردووە.

لە لایەکی تریشەوە شاندێکی ئەو تیرەیە بۆ حاڵی بوون لەو مەسەلەیەو گەڕانەوەی وەلید لە ڕێگادا، چونکە ئەوان وەلیدیان بینی بوو کە هات و گەڕایەوە، ترسیان لێ نیشت و وایان تەسەوڕ کرد، کە لەبەر ئەوە گەڕابێتەوە ئایەتێکی قورئان لەبارەی ئەوانەوە نازڵ بووبێ، هاتنە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) گوتیان: قوربان ئێمە زەکاتمان ئامادە کردبوو، خۆشمان لە ئامادەباشی بووین بۆ ڕێزگرتن لە نوێنەرەکەت کەچی نەهاتە لامان و چاومان پێ نەکەوت و گەڕایەوە.

خالیدی کوڕی وەلیدیش هاتەوە خزمەت پێغەمبەرو هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوە، لەوەی کە ئەوان نە هەڵگەڕاینەوە لە ئیسلامو نە نیەتی نەدانی زەکاتیشیان هەیە.

لەو سەروبەندە خوای گەورە ئەو ئایەتەی ناردە خوارەوە، کە دەفەرموێ: (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُــوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ)، واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر کەسێکی متمانە پێ نەکراو، هەواڵێکی گرنگی بۆ هێنان خێرا بڕوای پێ مەکەن، بەڵکو سەرنج بدەن، لێی بکۆڵنەوە تا بۆتان ڕوون دەبێتەوە، نەوەکو ئازارو ناخۆشی و گیروگرفت بۆ خەڵکی دروست بکەن بە نەزانی، جا دوایی پەشیمان ببنەوە لەو کارەی پێی هەستاون.

لێرەوە دەکرێ ئاماژە بە دوو خاڵی گرنگ بکەین:

یەکەمیان: ئەگەرچی ئەو ئایەتە لەبارەی ئەو کەس و تیرەو مەسەلە تایبەتە هاتۆتە خوارەوە، بەڵام حوکمەکەی بە شێوەیەکی گشتی لێ وەردەگیرێ، بەوەی تێکرای سەردەم و شوێن و خەڵکانێکی لەو شێوە دەگرێتەوە، هەروەك (ئیمام حەسەنی بەسری) دەفەرموێ: (فوالله لئن كانت نزلت في هؤلاء القوم خاصة، إنها لمرسلة إلى يوم القيامة، ما نسخها شيء)[3].

دووەم: بە پێی بۆچوونی ڕاڤەکارانی قورئان، ناکرێ (وەلیدی کوڕی عوتبە) بە فاسق و دەرچوو لەدین دابنرێ، لەبەر ئەوەی ئەو لەسەر گومان قسەی کردووە نەك بە درۆ، چونکە ئەو ئەوەی لەبیر بووە، کە کێشەی لەگەڵ ئەوان هەبووەو دیتیتی ئەوان خڕبووینەوەو ترسی لێ نیشت و وای گومان برد، کە ئەوانە دەیانەوێ ئەو لەناو ببەن و زەکات نەدەن.

لەلایەکی تریش لەسەر پێناسەی (فاسق) زۆرێك لە زانایان پێیان وایە بەو کەسە دەگوترێ، کە لە دین دەردەچێ، وە وەلیدی کوڕی عوتبە کەسێکی دیندارو ڕێك و پێك بووە.

---

[3] ــ روح المعاني: 26/ 145

## باسی دووەم:
## شیکردنەوەی هەندێ وشەی نێو ئایەتەکان

چەند زاراوەو وشەیەك هەیە، کە بە هۆی شیکردنەوەو لێك دانەوەی ماناکانیان، زیاتر مەبەستو ناوەڕۆکی ئایەتەکان ڕوون دەبێتەوە، بۆیە لێرەوە ئەو چەند وشەیەو ماناکانیان دەخەینە روو:

_ (فَاسِقٌ): واتە کەسێکی دەرچوو لە فەرمانی خوا، کەسێك، کە سنوورە قەدەغەکراوەکان دەشکێنێت، کەسێك کە قسەی نابەجێ دەکات، کەسێك کە بە پێچەوانەی ڕاستیەوە هەڵسوکەوت دەکات_ هەروەها لە فەرهەنگی شیرین هاتووە: فسق_ خراپە. فاسق_ خراپەکار. فسّق_ بەدرۆی خستەوە. فاسق_ فاجر_ خراپەکارو پیاو خراپ[4].

_ (بِنَبَإٍ): واتە: هەواڵ، کە لێرە زیاتر مەبەست ئەو هەواڵەیە مەترسی لێ دەکەوێتەوە لەناو کۆمەڵگەو کاریگەری خراپ لەسەر تاك دروست دەکات.

_ (فَتَبَيَّنُوا): واتە: ڕوونی بکەنەوە، تا بزانن هەواڵەکە ڕاستە یان درۆ، لەجێیە یان هەڵبەستراوە، ڕەوایە یان نا ڕەوا، بۆ ئەوەی بۆتان ئیسپات بێ ئینجا حوکمی لەبارەوە بدەن.

_ (نَادِمِينَ): واتە: پەشیمانی، دەکەونە ناو پەشیمانی لەسەر ئەو کارەی ئەنجامتان داوە، بێ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن.

_ (لَعَنِتُّمْ): واتە: دەکەونە ناو هەڵەو تاوانو کێشەوە.

_ (الْكُفْرَ): واتە: کافر بوونو دەرچوون لە گشت فەرمانەکانی خوای گەورە.

_ (وَالْفُسُوقَ): واتە: فەرمان شکێنیو سەرپێچی کردنو تاوان ئەنجام دان.

_ (وَالْعِصْيَانَ): واتە هەڵەو تاوان.

_ (الرَّاشِدُونَ): واتە: هۆشیارو جێگیرەکانی سەر ئایینی خوای گەورە، ئەهلی هەقو شوێنکەوتەی ڕێبازی راستو ڕەوان.

---

[4] _ فەرهەنگی شیرین: 538

## باسی سێیەم:
## مەترسی هەواڵی نادروستو قسەی هەڵبەستراو

یەکێ لە سیماو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەوەیە، کە هۆشیارانە مامەڵە بکات لەگەڵ هەموو ئەو قسەو باسو هەواڵە نابەجێو ناڕاستانەی دەبنە هۆکاری دروست بوونی کێشمە کێشو لێکترازانی موسڵمانان، بۆ ئەو مەبەستەش دەکرێ پشت بە بنەمای ڕاستیەتیو بەدواداچوونو لێکۆڵینەوەی ورد ببەستێ، تا بتوانێ بە ئاسانیو لەسەر بنەمایەکی دروست بڕیار بداتو کێشەکان یەك لایی بکاتەوە.

لەهەمان کات دەبێ لەسەر ئاستی خێزانو بنەماڵەو تەنانەت گەڕەكو شارو کۆمەڵگەش هۆشیاریەکی تەواو لەو بارەوە بوونی هەبێو، لایەنە پەیوەندارەکان کار لەسەر ئەوە بکەن، کە تاکەکان لەسەر پەروەردەیەکی ڕاستو دروستەوە ڕابێنن، بۆ ئەوەی نەبنە هۆکارو پردی نانەوەی کێشەو قسەو هەواڵی درۆو نابەجێو چەواشەکارانەوە.

خوای گەورە زۆر جوان باسی لەوە کردووە، کە پەلە نەکەین لە بڕیاردان لەسەر هەواڵ هێنانی ئەو کەسانەی ترسی خوایان کەمەو گوێ بە درۆ نادەنو شتەکان وەك خۆی ناگێڕنەوە، هەروەها فەرمانمان پێ دەکات، کە لە کاتی وەرگرتنو بیستنی هەواڵی ئەو جۆرە کەسانە یەکسەر بڕیار نەدەین، بەڵکو لێی بکۆڵینەوەو لە ڕاستێتی هەواڵەکە دڵنیا بین.

ئەمە چ جای ئەوەی دەبێ ڕابەرانی ئایینو دەزگاو لایەنە پەیوەندارەکان زۆر لەوە بەئاگا بن، چونکە هەر کارو بڕیارو هەنگاوێك، کە لەسەر بنەمایەکی ڕاست نەدرێت، کارەساتی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێو ڕەنگە ئاژاوەو کێشەی زۆر بەدوای خۆیەوە بنێتەوە، کە سەرەنجام لە پەشیمانیو خەم لێ خواردنو مەینەتی دروست بوون، زیاتر شتێکی تری لێ ناکەوێتەوە.

**بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ:** (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ)، واتە: ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە! ئەگەر فاسقێ خەبەرێکی بۆ هێنان دەستبەجێ بەڕاستی مەزاننو بکەونە پەیجۆر تا بۆتان دەرەکەوێ ڕاستیو درۆیی هەواڵەکە چۆنە، نەوەك بێ ئاگاو بە نەزانی خۆتان کۆمەڵە خەڵکێ گرفتارو تووش بکەنو پاشان لەو کارەی کردووتانە پەشیمان ببنەوە.

دەبینین لە سەرەتاوە خوای گەورە بە نیدای ئیمانەوە بانگی ئیمانداران دەکات، چونکە ئیمان جەوهەری مرۆڤەو نووری ئیلاهیە لەدەروونو ڕۆشناکەرەوەی ڕێگای موسڵمانانە، بە شێوەیەکی وا کە ڕایدێنێ چۆن قسە بکاو چۆن هەڵوێست وەربگرێو چۆن شتەکان لێك بداتەوە، کە ئەمەش هێمایە بۆ گرنگی ئەو باسەی لەدوای ئەوەوە دێت، کە پێویستە لەکاتی هێنانی هەواڵ لەلایەن ئەو کەسانەی بایەخ بە هێنانو بردن نادەن، هەڵوێستەکانمان ڕابگرین تا لە ڕاستیەکەی دڵنیا

**دەبینەوە، چونكە هەر بڕیارو هەنگاوێك لەسەر هەواڵێكی ناڕوون، مەترسی زۆر دەنێتەوەو لەوانەیە كۆمەڵگە تووشی ناهەمواری زۆر بكات**[5].

**بۆیەش خوای گەورە ڕەخنەی ئەوە دەگرێ، كە كەسانێك هەن لەكاتی گواستنەوەی هەواڵ ناگەڕێنەوە لای پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر بێت) ئەو كەسانەی لە لێكۆڵینەوەی ئەو جۆرە بوارانە هونەریان هەیەو لێی تێ دەگەن، هەروەك دەفەرموێ:** (وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لَاتَّبَعْتُمُ الشَّيْطَانَ إِلَّا قَلِيلًا)[6]، **واتە: هەر كاتێك هەواڵێكیان بۆ بێت دەربارەی ئاسایش و هێمنایەتی، یاخود ترس و بیم، بڵاوی دەكەنەوە (بیر لە سەرئەنجام ناكەنەوە)، خۆ ئەگەر ئەو هەواڵەیان بڵاو نەكردایەتەوەو بیانگێڕایەتەوە بۆلای پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر بێت)، یان بۆ لای كاربەدەستانێك كە لە خۆیانن، ئەوە ئەوانەی كە لە نهێنی هەواڵەكان تێدەگەن و دەكۆڵنەوە، نهێنی و رازەكانیان لێ دەردەهێنا، جا ئەگەر فەزڵ و چاودێری خواو ڕەحمەت و میهرەبانیەكەی نەبوایە شوێنی شەیتان دەكەوتن، جگە لە كەمێكتان.**

**لە لایەكی ترەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمانمان پێ دەكات، كە شتەكان ڕوون بكەینەوەو قەت بەدوای شتە گوماناویەكانەوە نەكەوین و بڕیار نەدەین، چونكە ئەو جۆرە بیركردنەوەو پەلە كردنانە لە فێڵی شەیتانەوەن، هەروەك دەفەرموێ:** (التَّبيّن من اللّهِ وَالْعَجَلَةُ مِن الشَّيْطَانِ)[7]، **واتە: ڕوونكردنەوە لە خواوەیەو پەلە كردن لە شەیتانەوەیە.**

**لە لایەكی ترەوە خوای گەورە ئاماژە بەوە دەكات، كە ئێمە بۆ زیاتر هۆشیاری و وەرگرتنی ڕێنمویی و شارەزایی و هەستی بەرپرسیارێتی، پێویستمان بەوە هەیە ڕوو لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بكەین و بگەڕێینەوە ژێر فەرمان و ئامۆژگاریەكانی، چونكە ئەو زیاتر لە كاروبارەكان دەزانێ و دەتوانێ ڕێگای ڕاست و دروست و پڕ خێرمان بۆ دابنێ.**

**لەهەمان كات ئاگادارمان دەكاتەوە، لەوەی كە زۆر شت هەبووە، ئەگەر هاتباو پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) بە گوێی دەوروبەری كردبا ئەوە موسڵمانان تووشی گرفت دەبوون، چونكە لەوانەیە شتەكانیان لەسەر شان قورستر دەبویەوە، بۆیە دەبینی خوای گەورە ئیمانی لای بەندە ساڵحەكان خۆشەویست كردووەو لەناو دڵ و دەروونیانی ڕازاندۆتەوە، بۆ ئەوەی بە هۆی كاریگەری ئەو ئیمانەوە زیاتر ڕوو لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بكەن و لە زەڵكاوی كوفرو تاوان و هەڵەی نادروست و نابەجێ دوور بكەونەوە، كە ئەمە هۆكاری كەوتنە سەر ڕێی ڕاستەقینەو هۆشیار بوونەوەو گەیشتنە بە سەرفرزای.**

**هەروەك دەفەرموێ:** (وَاعْلَمُوا أَنَّ فِيكُمْ رَسُولَ اللَّهِ لَوْ يُطِيعُكُمْ فِي كَثِيرٍ مِنَ الْأَمْرِ لَعَنِتُّمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الْإِيمَانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ أُولَئِكَ هُمُ الرَّاشِدُونَ)،

---

[5] _ مختصر تفسير ابن كثير: ج3 ص379

[6] _ سورة النساء: 83

[7] _ سنن الترمذي: ج4 ص367

واتە: بزانن کەوا پێغەمبەری خوا لەناوتانایەو ئەگەر لە زۆر شتا کە داوای لێ ئەکەن بە گوێتان بکا تووشی دەردەسەری دەبن، بەڵام ئێوەش لەبەر ئەوەی کە سوورن لەسەر قازانجی ئایینی ئیسلام، داوای ئەو شتانە ئەکەن و خوا ئیسلامەتی و باوەڕی لا خۆشەویست کردوون و جوانی کردووە، لە دڵتانا و کافری و گوناهو تاوانباریی لا بێزراندوون و پیاوی عاقڵ و فامیدەیش ئەوانەن حەزیان لە موسڵمانەتی و فەرمانبەداری خواو پێغەمبەری خوایەو ڕقیان لە کافری و تاوان و گوناهبارییە.

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیە، دەبێ مرۆڤی موسڵمان هۆشیار بێت، لەبارەی ئەو قسەو قسەلۆك و هێنان و بردن و هەواڵ و دەنگۆیانەی، کە دەیانبستێت، یەکسەر قسەی لەسەر نەکات و بڕیار لەبارەیانەوە نەدات، تا بۆی روون دەبێتەوە، داخۆ شتەکە ڕاستە یان نا، چ جای ئەوەی ئەو کەسەی ئەو جۆرە شتانە بڵاودەکاتەوە ئەگەر کەسێکی باش و دادپەروەر نەبێ، ئەوە زیاتر پێویستی بە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە هەیە.

لە لایەکی تریشەوە دەبێ موسڵمان لەوەش هۆشیار بێت، خۆی نەبێتە هۆکاری ئەوە، کە هەواڵی بێ بنەما و ناڕاست و قسەی نابەجێ بە مەبەستی چەواشە کردنی خەڵك بڵاوبکاتەوە.

چونکە هەڵبەستنی هەواڵ و بەربڵاوبوونی دیارەی درۆکردن دەبێتە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەو نانەوەی ناهەمواری و لێك دوور کەوتنەوەی موسڵمانان، لەوانەشە ئەمە سەر بکێشێ بۆ فیتنەو تێك چوونی باری ئارامی و ئاسایشی کۆمەڵگەوە، بۆیە پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر بێت) پێمان دەفەرموێ: (وَإِنَّ الْكَذِبَ يهدى إِلَى الْفُجُورِ وَإِنَّ الْفُجُورَ يهدى إِلَى النَّارِ[8])، واتە: بەراستی درۆکردن خەڵك بەرەو خەراپە دەبا و خراپەش مرۆڤ بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبات.

هەورەها مەترسی ئەو جۆرە کەسانەمان بۆ دیار دەکات، کە لەناو کۆمەڵگە بە شێوازی نادروست هەواڵ بۆ خەڵك هەڵدەبەستن و بەو هۆیەوە کێشە لەناو کۆمەڵگە دەنێنەوە، هەروەك دەفەرموێ: (من كان له وَجْهَانِ فِي الدُّنْيَا كان له يوم الْقِيَامَةِ لِسَانَانِ مِـــن نَـــارٍ[9])، واتە: هەر کەس بە دوو ڕوویی و نادروستیەوە لە دونیا هەنگاو بنێ، ئەوە خوای گەورە لە قیامەتدا دوو زمانی لە ئاگر بۆ دادەنێ و پێیانەوە سزاو ناخۆشی دەچێژێ.

لێرەوە پێویستە ئەوە بڵێین: کە ئەگەر ئێمە وەکو موسڵمانان پابەندی جوان و باش بنوێنین و لە سنووری قورئان و فەرموودەو ئەخلاقی ئیسلام نەچینە دەرەوە، ئەوە بێگومان دەکرێ وەرچەرخانێکی پڕ لە دەسکەوت لەناو کۆمەڵگە دروست بکەین، لەبەر ئەوەی هۆشیار دەبین لەبەرامبەر هەموو ئەو هەواڵ و هەڵبەستراوانەی، کە لە مامەڵەو ژیانی ڕۆژانەمان گوێ بیستی دەبین، لەهەمان کات دەزانین پێوەرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە قسانەو هەواڵی بێ بنەما چین، چونکە خوای گەورە بۆی ڕوون کردینەوە، کە دەبێ ڕوونکردنەوە لە شتەکان بکەین ئینجا بڕیار بدەین.

---

[8] _ صحيح مسلم: ج4 ص2012

[9] _ سنن أبي داود: ج4 ص268

**یەك لە زاناو ئەدیبەكان دەڵێ:** ( ومتى استقام القلب والعقل على هذا المنهج لم يبق مجال للوهم والخرافة في عالم العقيدة، ولم يبق مجال للظن والشبهة في عالم الحكم والقضاء والتعامل، ولم يبق مجال للأحكام السطحية والفروض الوهمية في عالم البحوث والتجارب والعلوم)[10].

**لەهەمان كات ئەگەر كۆمەڵگە لەسەر ئەو ڕێتمە بڕواتە پێشەوە، كە تاكەكانی بە هۆی ئیمانەوە پەیڕەوی لە ڕاستیەكان بكەنو لە كاتی كێشە بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پێغەمبەرو (درودی خوای لەسەر بێت) لەهەوڵی ئەوە دابن، كە خۆیان بەدوور بگرن لە دیاردەی لەو شێوە، ئەوە دەكرێ بڵێین ئەو كۆمەڵگەیەو تاكەكانی بە شێوەیەكی باشو بە ئاستێكی بەرزەوە بەرەو پێش دەڕواتو دەرگاكانی خێرو خۆشی بەڕوودا دەكرێتەوە، لە سایەی فەزڵی خواو ئیمانی دەروونەكانو خۆپارێزی تاكەكانی نێو كۆمەڵگە لەخراپیەكان، بەو ئاراستە جوانە گەیشتووینو لە ژێریەوە ئاسوودە دەبین، بۆیە خوای گەورەش لە كۆتایی ئەو ئایەتانەوە دەفەرموێ:** (فَضْلًا مِنَ اللَّهِ وَنِعْمَةً وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ).

## باسی چوارەم:
## دەرهاوێشتە ئەرێنیەكانی بەدواداچوونو ڕوونكردنەوەی هەواڵ

**لە دەرەنجامی خستنە ڕووی ئەو تەوەرەو شیكرنەوەی ئەو فەرمانە خواییە، لەبارەی بەدواداچوونو ڕوونكردنەوەی ئەو هەواڵانەی لەلایەن كەسانی خراپەكارو متمانە لاوازەوە پێمان دەگات، دەكرێ لێرەوە چەند خاڵێك باس بكەینو سوودو قازانجەكانی ئەو ئایەتە دیاری بكەین:**

1_ **پێویستی ڕوونكردنەوەی هەواڵو خەبەرەكانو پەلە نەكردن لە وەرگرتنیان، بە تایبەت لەو هەواڵو دەنگۆیانەی، كە پەیوەستن بە كاروبارە گشتیەكانو، هەستیارن لە ناو كۆمەڵگەو ژیانی خەڵكو ئارامی وڵاتو نیشتمانەوە، چونكە ئەمە داخوازی قورئانی پیرۆزە بۆ بەندەكانو پەیڕەوی ڕاستەقینەی ئیسلامە، هەروەك (سەید قوتب) دەڵێت:** ( التثبت من كل خبر ومن كل ظاهرة، ومن كل حركة قبل الحكم عليها، هو دعوة القرآن الكريم، ومنهج الإسلام الدقيق)[11]. **واتە: ڕوونكردنەوە لەهەر هەواڵو دیاردەو جولەیەك بەر لە حوكمدان ڕێك داخوازی قورئانو مەنهەجی وردبینی ئیسلامە.**

2_ **دەبێ ئەوە بزانین, كە ئەسڵ لەناو تاكەكانی نێو كۆمەڵگەی موسڵمانان ئەوەیە، كە لێك ئەمینو بنو لە دەستو زمانی یەكترەوە هەست بە سەلامەتی بكەن، وە دەبێ هەواڵو قسەو گێڕانەوەی مەسەلەكانیان لەسەر بنەمای ڕاستیو دروستی بێت، بۆ ئەوەی پەیوەندیە**

---

[10] _ فى ظلال القرآن: ج4ص 2227

[11] _ فى ظلال القرآن: ج4 ص2227

کۆمەڵایەتیەکانیان نەشڵەژێ‌و نەکەوێتە داوی لاوازی‌و لێکترازانەوە، ئەگەر ئەو پەروەردەش جێگەی کرایەوەو ڕەگ‌و ڕیشەی لەناو دەروونی خەڵك‌و پانتایی کۆمەڵگە داکوتا، ئەوە بێگومان دەبێتە هۆکاری نەمانی ئەو نەخۆشیە لەناو موسڵمانانەوە.

3_ ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە سەرچاوەی هەموو ڕاستی‌و دروستی‌و وردبینی‌و دووربینی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی دروستی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت)، کە بێ هیچ پێچ‌و پەنا ڕاستیە ڕابردوو و داهاتووەکانی بۆ ڕوون کردینەتەوە، بۆیەشە هەمیشە کاریگەری ئیمانی‌و ئەرێنی‌و ئارامی بە دڵ‌و دەروونمان دەبەخشێ‌و هزرو بیرمان هەمیشە لە ڕاستیەکان نزیك دەکاتەوە، لەوەش نمونەی هەواڵی ئیسراو میعراج‌و هەڵوێستی ئیمامی ئەبوبەکر لە گومان نەبوونی بەرامبەر کاری خواو هەنگاوەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) جوانترین نمونەی پابەندی موسڵمانانە، کە لە بواری عەمەلیەوە بێ دوودڵی تەسدیقیان نواندووە.

4_ لەو ئایەتە ئاماژەش بەوە کراوە، کە کەسانی فاسق‌و بە هەڵە‌و پەلە، جێگەی ئیعتبار نین‌و هەمیشە لە سەر جۆرو قەبارەی کارەکانیان تووشی شکست‌و پەشیمانی‌و خەم‌و ئاڵۆزی دەروونی دەبنەوە، کە سەرەنجام کەسانێکی نامۆش دەردەچن لەناو کۆمەڵگەو ڕیزی موسڵمانانەوە.

5_ بەهەمان شێوە پەلەکردنی موسڵمانان لە وەرگرتنی هەواڵی بێ بنەما پێش ڕوونکردنەوەی، دەبێتە هۆی پەشیمانی‌و لێکترازانی موسڵمانان‌و کەوتنەوەی ڕق‌و کینەو کێشەی کۆمەڵایەتیەوە.

6_ ئامادەیی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) لە سەردەمی خۆی‌و زیندوێتی ڕێبازو سوونەت‌و فەرموودەکانی لەناو ئوممەت لەدوای وەفاتی، بەڵگەی بەهێزی ڕوونکردنەوەی شتەکان بۆ موسڵمانان، بەو مانایە ئەگەر ئێمە پابەندی لەبەرامبەر بنوێنین‌و لەکاتی کێشە بگەڕێینەوە لای، ئەوە بۆ ئێمە زۆر باش دەبێ‌و بەهۆیەوە تووشی سەر لێشێوان‌و لاڕێی نابێین.

7_ خوای گەورە ئیمانی لەناو دڵ‌و دەروونی ئیمانداران خۆشەویست‌و جێگیر کردووە، کە هۆکاری یەکەمی بەختەوەربوونی مرۆڤەکانە لە ژیاندا، بۆیەش بە نیدای ئیمانەوە بانگەوازی بۆ کردین‌و لە هەستیاری ئەو بابەتە هۆشیاری کردینەوە، چونکە ئیمان گەورەترین نیعمەتی خوای گەورەیە, کە بە مرۆڤی دەبەخشێت‌و بەهۆیەوە هیدایەتی دەدات.

8_ لە پێناسە کردنی چەمکی ئیماندا هاتووە: ( الإيمان هو: التصديق بالجنان والإقرار باللسان، والعمل بالأركان)، لەبەرامبەر هەر یەك لەوانەش خوای گەورە دەفەرموێ (وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ الْكُفْرَ وَالْفُسُوقَ وَالْعِصْيَانَ)، کەواتە دەبێ هۆشیار بین لە جێبەجێ کردنی پێناسەی ئیمان‌و خۆ دوور گرتن لە کوفرو دەرچوون‌و شکاندنی سنووری خواو ئەنجامدانی گوناهو تاوان[12].

---

[12] _ التفسير المنير: ج13 ص562

9_ هاندانی خوای گەورە بۆ مرۆڤەکان لە دانان و هەڵنانی دەروونیان لە سەر ئیمان و تەقواو خۆپاریزی، بۆ ئەوەی بگەنە پلەو پایەی کەسانی هیدایەتدەرو سەرفرازو ڕێنمایکار بۆ ڕێگەی راستی و دروستی و بەردەوام بوون لەسەری.

10_ دەبیَ لەوەش هۆشیارو بەئاگا بین، کە هەرچیەك لەو دونیایە دێتە ڕێی ئینسان لەکارو هەنگاوی چاکە، ئەوە فەزڵ و نیعمەتی خوای گەورەیە، لەهەمان کات هێماو ئاماژەیە بۆ بەندەکان لەبەرامبەر نازو نیعمەت و فەزڵەکانی خوای گەورە، شوکرانە بژێری بکەن و سوپاس و ستایشی خوای باڵا دەست لە ژیانیان لە بیر نەکەن، خوای گەورەش ئاگاداری جوڵەو هەنگاوی مرۆڤەکانەو دانایە لەبەرامبەر کاروباری ژیانی خەڵك و بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی کائینات و دروستکراوانی سەر زەویەوە.

11_ هەر کات تاکەکان کۆمەڵگە هۆشیار بوون و، لە دیاردەی هەڵبەستنی هەواڵی بیَ بنەما و چەواشەکاری خۆیان پاراست، بێگومان هەنگاوێکی گرنگ دەبیَ لە دوورکەتنەوەی کۆمەڵگە، لە زۆرێك کێشەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکانەوە..

**مەلا عبداللە شێرکاوەیی**

**بەرپرسی راگەیاندنی**

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

2023